وەزارەتی دارایی هەرێم لەبارەی "هەژماری من" دوایین هۆشداری دەدات

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەمو ئەو موچەخۆرانەی کە تا ئێستا فێمی هەژماری منیان پێنەکردوەتەوە پێویستە بەزوترین کات فێم پێبکەنەوە و چیتر دابەشکردنی بەشوەی پێشتر نامێنێت و دەبێتە ئەلیکرێنی.

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمێ یەکشەممە لە نوسراوێکدا کە ئاماژەی گشتی وەزارەتەکانی کردوە، رایگەیاندوە، "ئاگاداری سەرجەم یەکە ژەریاییەکان پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك دەکەینەوە کە لە 20ی 1ی 2026 بەدواوە دابەشکردنی تەنها بەشوەی دیجیتالی و لەچوارچێوەی هەژماری من دەبێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "هەمو ئەو موچەخۆرانەی کە تا ئێستا فێمی هەژماری منیان پێنەکردوەتەوە پێویستە بەزوترین کات فێم پێبکەنەوە، هەروەها هەمو ئەو موچەخۆرانەی کە فێمیان پێکردوەتەوە و ئاگاداریان پێگەیشتوە بە وەرگرتنەوەی کارتەکانیان پێویستە سەردانی ئەو بانکانە بکەن کە داوایان لێکراوە سەردانی بکەن".

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لەوەکردوە، تائێستا پێنج هەزار و

750 فەرمانبەر خۆیان لە پۆژەی "هەژماری من" تۆمارنەکردوە، یاخود کارتی بانکیان تۆمارنەکردوە، ئەگەر بەپەلە کارەکانیان جێبەجێ نەکەن ئەوا موچەکانیان رادەگیرێت.